پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٣٠

پەیامی گفتوگۆ

# عومەر عەلی و جەنەڕاڵێکی بەریتانی



د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیره (٣٠)

# عومەر عەلی و جەنەڕاڵێکی بەریتانی

# پەیامی گفتوگۆ

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: عومەر عەلی و جەنەراڵێکی بەریتانی ، پەیامی گفتوگۆ

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (      )ی ساڵی (      )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

قوتابی زانکۆ بوم هاوینان زۆر زیاتر کارم دەکرد، بۆ ئەوەی توشی قەرزی حکومەت و بانکی ریبەوی نەبم، کارێکی زۆر باش بە موچەیەکی باشەوە دەستم کەوت، مەهارەی زۆر پێویست بو، منیش کە قوتابی زانکۆ بوم سەرم لێ دەردەکردو زو رۆشتمە پێشەوە تێیدا، هەرکەس دەستی دەکردە ئیش لەو جێگە، سەرەتا ئاشنایان دەکرد لەگەڵم، تا فێری بکەم، رۆژێك کابرایەك هات و خستیانە لای منەوە، ناوی پۆڵ بو، دوای یەکترناسینی سەرەتایی، هەستم دەکرد خۆی زۆر نزیك دەکردەوە لێم، زۆرجار دەمگوت ئەوە بکە دەیگوت ان شاء الله، جا بەشێوەیەك دەیگوت چون زاراوەکەی جیاوازبو لەسەرەتاوە تێنەدەگەشتم، دواتر هەندێك وشەگەلی ئیسلامی و عەرەبی بەکار دەهێنا، وەك ما شاء الله، شكرا. وتم تۆ ئەمانە لەکوێ فێربوویت، وتی من ٢٤ ساڵ لە ریزی سەربازی بەریتانیا ئیشم کردوەو رۆشتومەتە عێراق و بەشداری شەڕی ١٩٩١م کردووە، پلەکەم ئەوە بوەو ئێستەش زۆر بەدوامەوەن، بەڵام تاقەتم لێی نەماوە، ئەمەم پێ باشترە لەناو ماڵ و منداڵی خۆمم.

هەرکە کاتی پشو دەهات یەکسەر دەهات بۆسەر مێزەکەی من و دڵی زیاتر بەمنەوە پەیوەست بو تا ئینگلیزەکان، ئەڵبەت لەگەڵ هەمویان بەینم زۆر خۆش بو، تەنها یەك کەسیان نەبێت، وێنەی بۆ دەهێنام لە سعودیە ببو، لە کۆیت، لە عێراق، سیدیەکی پێدام ئێستەش لامە باس لە کات و بیرۆکەی لێدانەکانی عێراق دەکات، چۆن یەکەمجار بۆردومانی فڕۆکەخانەو راگەیاندنەکانیان کرد.
وەکو کوردو دوهاوڕێی زۆر خۆشەویستمان لێهات، داوای هەرچیم لێ بکردایە بۆی دەهێنام، لەگەڵ ئیشدا هەم زانیاری بەسود بو هەمیش کاتی خۆشمان دەبردە سەر، کۆمەڵێك فلوپی سەربازی بۆ هێنام وتی پڕە لە زانیاری کەرەستەی سەربازی، بەڵام بەداخەوە هیچ ئامێرێکم دەست نەکەوت کە بیکاتەوە، دەرۆمە سەر ئەسڵی مەتڵەب.

رۆژێك کەوتینە گفتوگۆ لەسەر عێراق و بەریتانیاو باسی دین.
پۆڵ: عێراقیەکانی ئێوە زۆر رەق و دڕو پیسن، حاڵمان خراپ بو بە دەستیانەوە.
عومەر عەلی: نا عێراقیەکان وانازانم بەو شێوەیە بن، ئێوە جەنەراڵ بون و ئەمرتان بە کوشتن و خاپورکردنیان کردوە، ئەوانیش دیفاعیان لە خۆیان کردوە، ئێوە رۆشتونەتە سەر ئەوان ئەوان نەهاتوونەتە سەر ئیوە، من بۆ خۆم رۆشتووم بۆ بەغداد، فەلوجە، رومادی ئەسڵەن یەکەمجاریشم بوە مەڕیان بۆ سەربڕیوم و شەو تا ١٢ دەمەتەقەو قسەی خۆشمان کردووە، کە هەڵدەستام هەتا بۆ سەرئاویش ٢ گەنج لەگەڵم دەهاتن و خاولیەکەشیان بۆ دەگرتم، ئێوە رۆشتون داوتانە لە هەرچی بەرژەوەندی هەتا خەڵکە ئاساییەکەش! ئێ تۆ دەتەوێت لە شەڕدا مامەڵی دوژمنت چۆن بێت؟! چاوەڕێی میهرەبانی دەکەیت!

پـۆڵ: حەزدەکـەم نمونەیەکم بـۆ بهێنیتـەوە کـە ئێمـە بەرژەوەنـدی کەسـی ئاسـایمان پێشـێل کردبێت!
عومـەر عەلـی: لـە هەواڵـدا خوێندمـەوە ٣٢ ملیـۆن دارخورمـا لـە عێراقداهەبـوە، ئێـوەی زۆرینەیتـان سـوتاندو خاپورتـان کـرد بـە دەبابـە! کابـرا بـە نەمام خورمـای ناشـتووە، ژن و منـداڵ پاچەکۆڵەیـان کـردووە تـا هاتووەتـە بەرهـەم و چەندیـن خێـزان چاوەڕێـی بەرهەمەکـی بـون، مانگی هەشـت خۆشـی خۆشـی دونیـا گـەرم دەکات و خورمـا دەگەیەنێـت و لێـی بکەنـەوە بیفرۆشـن، ئێـوە لـە گەرماکـەدا ئاگرتـان تێبـەرداوە!
پـۆڵ: جـا خورمـا کـەی گرنگـی هەیـە وا تـۆ بـە وردی باسـی دەکەیـت، ئـەوەش بـروا دەکەیـت ئەمەریکیـەکان بـوون نـەك ئێمـە، چـون ئـەوەی ئەمەریکیـەکان دەیکەیـن ئەگـەر ئێمـە بـە سـەدی یەکـی ئـەوەش بکەیـن توشـی سـەدان مەحکەمـە دەبینـەوە لـە بەریتانیـا؟
عومـەر عەلـی: نابێـت مسـتەر پـۆڵ شـتی خۆتانتـان لا گرنـگ بێـت و هـی ئێمـە نـا، مـن ئێسـتە لـەم وڵاتـەدا ئەگـەر دارێـك بشـكێنمەوە توشـی سـزا دەبـم، لـە کاتێکـدا دارەکـە بەریشـی نـی یـە! ئەسـڵەن پێویسـتیش بـە سـێبەرەکەی نـی یـە لـەم وڵاتـەدا، بـەڵام لـەوێ هـەم بەرەکـەی سـودی لـێ وەردەگیرێـت هەمیـش سـێبەرەکەی، بـەڵام ئێـوە دونیاشـیان لـێ دەسـەنن و دژی دینەکەشـیان دەوەسـتن و لـە ڕێگـەی حیـزب و ڕێکخـراو و چاپەمەنیەکانیشـەوە دژایەتیـان دەکـەن، دەشـزانم ئێـوە لـە ئەمەریـکا زۆر باشـترن، بەلانـی کەمـەوە هەندێـك خزمەتگـوزاری بـۆ خەڵکـی دەکـەن، وەك تونێـل و سـەدی ئـاو و جادەوبـان!
پۆڵ: تۆ کەسێکی مسوڵمانیت بۆیە وا قسە دەکەیت؟!
عومـەر عەلـی: مسـوڵمانیەتیەکەم داوام لـێ دەکات حەقانـی بـم، نـەك ئێسـتە مـن لێـرەم و موجامەلـەی درۆت بـۆ بکـەم لەسـەر حسـابی

دینەکـەش!
پۆڵ: حەقانیەکە لە کوێدایە حەز دەکەم وردی بکەیتەوە.
عومـەر عەلـی: ئێـوە کـە ڕۆشـتنە هندسـتانیش بـۆ ئـەوەی خەڵکەکـە هـەر سـەرقاڵی خۆیـان بـن و ئێـوە کاری خۆتـان بکـەن شـەوان بـە دزیـەوە لـە کۆڵانەکانـدا مانگاتـان دەکوشـت! سـبەی ئەوانیـش کـە دەیانبینـی خواکانیـان وا سـوکایەتی پێکـراوە ئیتـر ئێوەیـان لەبیـر نەدەمـا!
پۆڵ: هاهاهاها تۆ ئەمە لە کویێ دەزانیت پێکەناویە؟
عومـەر عەلـی: مـن کەسـێکی مێژونـاس و زیرەکـی بـواری مێـژو نیـم بەڵام وەك مەعلوماتـی عـام مسـوڵمان دەبێـت شـارەزایی هەبێـت و حسـاب بـۆ عورفـی خەڵکەکـە بـکات، بـۆ نمونـە مـن لـە لەنـدەن لـە ناوچـەی ساوسـۆڵ کـە بـۆ خۆشـی پێـی دەڵێـن نیـو دێلهـی ئەوەنـدە هنـدی لێیـە کارم دەکـرد، نیـوەڕوان کاتـی نـان خـواردن چێشـتخانەکان هەمـو خواردنێکیـان پێشـکەش دەکـرد، بـەڵام مـن چەنـد هاوڕێیەکـی هندیـم هەبـو پێکـەوە لەسـەر مێزەکـە دادەنیشـتین وەك ئێسـتەی مـن و تـۆ، هەرگیـز ڕۆژێـك لـە ڕۆژان گۆشـتی مانـگام نەکـڕی و بیخـۆم لـەو کارگـەدا، چـون نەمدەویسـت ئـەو خۆشەویسـتیەی کـە دروسـت بـوە لەگـەڵ هندیەکانـدا بـا کاتیـش بێـت، مـن بیمرێنـم، پێکـەوە ژیـان زۆر گرنگتـرە لـە دو پـل گۆشـت، ئێمـە حسـاب بـۆ ئەوانـەش دەکەیـن، هەتـا لەنـاو ئێمـەدا باسـی ئێسـتە ناکـەم کەسانێکی هەرچـی و پەرچـی و بـێ ئەتەکێـت و کاسایەتی نـزم حسـاب بـۆ ئەوانـە نـاکات، گەرنـا ئـەوەی خـاوەن پێگـە بێـت لەنـاو ئێمـەدا بـا مسـوڵمانیش نەبێـت یـان پابەندیـش نەبێـت بـە دینـەوە بـەڵام حسـاب بـۆ دینـی کۆمەڵگەکـەی دەکات، بـۆ نمونـە لەوانـە لـە مانگـی ڕەمەزانـدا هەرگیـز بەبەرچـاوی خەڵکـەوە شـت ناخـوات، بـا خۆشـی بـەڕۆژوش نەبێـت، ئەگـەر کحولیـش بخواتـەوە لـە ماڵـەوەو بـە نهێنـی دەیخـوات

نـەك بـە ئاشـكرا.
ئـەم دڵـی مرۆڤـە لای ئێمـە ئەوەنـدە گرنگـە دەبێـت نەهێڵیـن گومانیـش دروسـت بـكات، بـۆ نمونـە مـن كـە مسوڵمانیشـم و خەڵكیـش دەمناسـێت كـە دەچمـە مزگەوتـەوەو ئەگـەر خەڵكەكـە نوێـژی جەماعەتیـان دەكـردو منیـش نوێژیشـم كردبێـت لـە مـاڵ، ئیسـلام دەڵـێ نوێژەكـە لەگـەڵ ئەوانیشـدا بكـە بـا دوبەرەكـی دروسـت نەبێـت، بـا هەمـوی هـەر هاوشـانی یەكتـری بـن.
بەڵام ئیوە كارێكتان كردوە مسوڵمانەكانیشتان پارچە پارچە كردوە!
پـۆڵ: مـن زۆر ئاسـودەم كـە لەگـەڵ تـۆدا بـەم شـێوەیە قسـە دەكـەم، بـەڵام هەسـت دەكـەم تـۆ دەتەوێـت ئیسـتغلالی ئـەوە بكەیـت، گەرنـا ئێمـە كارمـان چـی یـە بـە پارچـە پارچەكردنـی مسـوڵمانەوە؟!
عومـەر عەلـی: منیـش هـەردەم ئاسـودەم بـەردەوام بـە هێمنـی گفتوگۆبكـەم نـەك موناقەشـە، هیچیـش لەخۆمـەوە ناڵێـم، ئـەو گروپـەی كـە ناویـان قادیانیـە كـە ئەحمەدیشـان پـێ دەڵێـن ئـەوەی كـێ دروسـتی كـرد؟ ئێـوە نەبـوون؟!
پۆڵ: من زانیاریم لەسەر ئەوە نی یە.
عومـەر عەلـی: ئەگـەر زانیاریەكـە بـە دروسـتی وەرگریـت ئـەوكات دەزانـی مـن راسـتیم بـە تـۆ وتـوە نـەك ئیسـتغلالت بكـەم!
دوای ١٠ رۆژ
پـۆڵ: مـن زۆر بچوكتـر تـۆم دەبینـی لەوانـەی كـە وتـت، بـەڵام بـۆم دەركـەوت وایـە!
عومـەر عەلـی: ئێـوە ئـەو چینایەتیەتـان دروسـتكرد بۆیـە ئێسـتەش وا گیرتـان خـواردوە بـە دەسـتیەوە، یاسـای توندیشـی بـۆ دادەنێـن بـۆ دژایەتـی و رەگەزپەرسـتی هـەر بۆشـتان كۆنتـرۆڵ ناكرێـت، ئێسـتەش یەك

تـۆز بتـان دوێنیـن ناتوانـن رقتـان بەرانبـەر فەرەنسـا کـە دراوسێشـتانن بشـارنەوە، چ جـای ئـەو گروپانـەش کـە بەنـاوی دینـەوە دژتـان دەوەسـتن. ئێسـتەش کۆمەڵگەکەتـان وا دابـڕاوە لـە یەکتـری پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی هەتـا بەشـی سـەلامێکی سەرجادەشـی نەمـاوە، گـەر یاسـاش بهێڵێـت یەکتـر دەخـۆن.
پۆڵ: تۆ ئەگەر وا بیردەکەیتەوە چۆن دەتوانیت لێرە بژیت؟
عومـەر عەلـی: مـن باسـی حەقیقەتـم بـۆ کـردی، هەرگیـز وەك خـودی خـۆم کەیسـەکان تێکـەڵ ناکـەم، ئێسـتەش لـەم وڵاتـەدام قـەدری ئـەو حورمەتـە دەگـرم کـە لێـی گرتـوم و خیانەتیشـی لـێ ناکـەم وە بەرزیـش دەینرخێنـم، نابینـی لەگـەڵ هەمووتانـدا بەینـم باشـە؟ تەنها مستەر بـاری نەبێـت! ئەویـش کەسێکی نـا حاڵیـە! هـەم رقـی لـە بێگانەیـە! هەمیـش لـە مسـوڵمان! ئـەی مـن چـی بکـەم هەردوکیانـم؟! دوای ئـەوەش هەمـو رۆژێـك دێـت یەقـەم دەگرێـت و دەڵـێ بۆچـی ئێـران چەکـی ئەتـۆم دروسـت دەکات؟ تـا ئـەو رۆژە رقم هەستا وتـم ئێـران حەقـی خۆیەتـی! ئەویـش تـورە بـو وتـی چـۆن حەقـی خۆیەتـی؟ منیـش وتـم ئـەی بـۆ ئەمەریـکا دروسـتی دەکات بـا ئەویـش بیـکات، وڵاتـەو مسـڵاحەتی خـۆی لـەوەدا دەبینێـت! دیسـان تورەتـر بـو وتـی ئەگـەر ئێـران دروسـتی بـکات بـەکاری دەهێنێـت! منیـش وتـم جـارێ خـۆ ئێـران بـەکاری نەهێنـاوە بـەڵام خـۆ ئەمەریـکا بـەکاری هێنـا! ئیتـر ئـەو خەریـك بـو پەلامـارم بـدات لەسـەر ئێـران لـە کاتێکـدا هـەزار جـار بـۆم رونکردوەتـەوە کـە مـن ئێرانـی نیـم، بـۆ ئێـوە ناتوانـن جیـاوازی بکـەن لـە نێوانمانـدا، خـۆ چـاو بچکەلـەکان نیـن تـا ئـاوا هەمومـان وەك یـەك ببینـن.
پـۆڵ: نامەوێـت درێـژەی پـێ بـدەم، بیرکردنـەوەو ئاواتێکـی خـۆم کـە ماوەیەکـە لـە دڵمدایـە پێتـی دەڵێـم.

عومەر عەلی: من زۆرخۆشحاڵم لەوەی شتی شاراوەمان نەبێت لەیەك، دەمتوانی بە هەرببیانویەك بێت خۆم بدزمەوە لەقسەکردن لەگەڵت.
پۆڵ: کچێکم هەیە ناوی لویسە، شوی نەکردوە تا ئێستەش وەك ئێوە لەماڵی خۆماندایەو ئەمساڵ زانکۆ تەواو دەکات، باسی تۆم بۆ کردوە کە چەند بە چێژە قسەکردن لەگەڵت و زانیاری سەرنجڕاکیش و بە ئینسافەوە دەڵێی، کە باسی گۆشت نەخواردنی مانگاکەت کرد لە لەندەن ئەوەی لەگەڵ هندیەکاندا بوویت، زۆر سەرنجی راکێشا، وتی ئەمە کەسە با هەر دینێکی هەبێت دەکرێت بگونجێم لەگەڵی، پێم وایە بگونجێن پێکەوەو هەر ئەوەندەیە ئەگەر یەکترتان بە دڵ بێت، بۆیەش وا دەڵێم من ئەوەندەی لەگەڵ تۆ دەتوانم دڵم بکەمەوەو بە هێمنی و لە دڵەوە قسە بکەم ئەوەندە هەتا لەگەڵ ئینگلیزەکانی خۆماندا نیمە.
عومەر عەلی: من زۆر زۆر دەترسم لەوەی کە زەواج لەگەڵ ئێوەدا بکەم، بە هەڵە تێمەگە بوار بدە رونی بکەمەوە، زۆرکەسم دیوە لێرە بەناو مسوڵمان! لە دیسکۆو بارەکانداو لەسەر جادە ئافرەتی بێ دایك و باوکی دۆزیوەتەوەو ماوەیەك پێکەوە بون، دواتر ناوی مسوڵمانیشیان پیس کردوە، خۆ نەگونجانیش شتێکی سروشتیە، من دەترسم بەهۆی منەوە دینەکەشتان لەبەرچاو بکەوێت، چون دەکرێت من خراپ بم بەڵام ئەگەر باوەڕت بە زانیاریەکانم هەیە دەڵێم دینەکەم باشترین دینە.
پۆڵ: گەر بەم شێوەیە بمانجولێنی نەك لویس کە کچێکی سادەو میهرەبانە، باوکی لویس یش دینەکەت وەردەگرێت.
عومەر عەلی: هیوادارم هەموتان لە میهرەبانی ئیسلام بێ بەش نەبن، لەوەش تێبگەن کە کەلتوری ئێمە سەختە، منیش نامەوێت

دەستبەرداری دایك و باوك و كەس و كارم بم، گەر لێرە زەواج بكەم زۆر قورس لەسەرم دەكەوێت! واش نازانم بەقەدەر ئەوە تاقەتم هەبێت.
پۆڵ: تۆ لویست لە دەستی خۆت دەركرد، بەڵام من دینەكەت لە دەستی خۆم دەرناكەم، ئیتر لویس یش كەیفی خۆیەتی.
عومەر عەلی: من پیرۆزبای لە تۆ دەكەم، ئیسلام دینێك نی یە قابیلی قبوڵ نەبێت، بە تایبەت میهرەبانەكان.
پۆڵ: هاهاها، دیارە دڵت لای لویس ە.
عومەر عەلی: دڵم لای لویس و باوكی لویسیشە.

تێبینی/ لویس و باوكیشی مسوڵمان بون.

(الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ.
أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ. وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُو
الْأَلْبَابِ) الزمر ١٨

واتە: ئەوانەی گوێ بۆ قسەو گوفتار
دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا
ئەوانە کەسانێکن کە خوا هیدایەت و
ڕێنموویی کردوون، ئەوانە خاوەنی عەقڵ
و ژیریی و بیرو هۆشن.

# عومەر عەلی و
# جەنەڕاڵێکی بەریتانی



د.عومەر عەلی
٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6